رفقای عزیز حمید تقوایی و کورش مدرسي،
سلام و خسته نباشید، لطفاً این نامةرا در همان سطح که نامةای رفیق مصطفی به ریبوار احمد بخش شدةاست بخش کنید.

## نامە بۆ هاوڕێی ئازیز مستەفا سابیر

**شەماڵ علی**
**ئەندامی مەکتەب سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

لە سایتی باسە دەروونیەکان نامەی ئێوەم بۆ هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق بینی. ئێوە وەڵامی نامەی ڕێبوارتان بە هاوڕێ حمید تقوایی داوەتەوە منیش بڕیارم دا وەڵامی نامەی تۆ بۆ ڕێبوار بدەمەوە بە تایبەت کە ئەو بە کاروباری حیزب لەسەفەرە و ناتوانێ لە ئێستادا وەڵامت بداتەوە.
دەڵێن کە ئەو نامەیەتان بۆ هاوڕێ ڕێبوار وەك هاوکۆمیتەیی نووسیوە نەك وەك لیدەری حیزب، من بە ڕاستی ناتوانم ئەوە لە زەینی خۆم لابەرم کە ئەمە ووتنەوەی هەمان قسەکەی هاوڕێ حمید تەقواییە کە ڕوو بە ڕێبوار دەڵێت حیزبی عیراق با دانیشێت و تەدەخول لە کاروباری حیزبی ئێراندا نەکات، وا دیارە هاوڕێ ڕێبوار بە خاتری هەندێك اعتبارات خۆی لەوە پاراستووە کە وەڵامێکی شایستە بە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بداتەوە و لە ڕووی احساس بە مەسئولیەتەوە ئەو شێوەیەی هەڵبژاردوە کە بە قازانجی حیزب بوو نەك ئەو شێوەیەی کە شایستە بوو بۆ وەڵامدانەوە بە قسەکانی هاوڕێ حمید.
ئێوە چەند دێر دوای ئەوەی کە سیفەتی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد وەك لیدەری حیزب لەبەرچاو ناگرن، خۆتان سەرزەنشت دەکەن کە حیزبی عیراق تا ئێستا ئاگای لەم باسە داخلیانەی ئێوە نییە، نازانم ئەگەر ئاگادارتان بکەم کە هاوڕێ حەمید بە کادرەکانی حیزبی عیراقی لە کەنەدا وتووە کە داوا لە کۆمیتە مەرکەزی بکەن بۆ ئەوەی باسەکانیان پی بگات (لە کاتێکدا کە بە ڕێبوار دەڵێ با حیزبی عیراق موداخەلە نەکات و پاش چاوەڕوانی زیاتر لە هەفتەیەك ڕازی بوو کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی ئێمە باسەکان ببینن) و ئەگەر بزانیت هاوڕێ ئازەری ماجدی داوای لە هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە بەریتانیا کردووە کە بە نەفعی باڵی "چەپ" موداخەلە لە باسەکاندا بکەن، نازانم ئایا بە زانینی ئەمانە ویژدانت ئارام دەبێت؟!!
هاوڕێ موستەفا خودی ئەم موخاتەبەیەی ئێوە بۆ هاوڕێ ڕێبوار وەك ئەندامی کۆمیتەی خۆتان و بیر بردنەوەی سیفەتی لیدەری ئەو لە حیزبی عیراق، کە ڤێرژنێکی تری ئەو بەرخوردەی هاوڕێ حەمیدە بە نامەکەی ڕێبوار، نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ بێخەمی سەبارەت بە بوحرانی حیزب وبۆ ئەوەیە دەرگا لەبەردەم هەر پێشنیارێك و ڕێگایەکی تردا دابخەن.
هەوڵی تۆ بۆ ڕاکێشانی هاوڕێ ڕێبوار بۆ "سەنگەری" خۆتان لە بناغەوە نیشانەی تێگەیشتنێکی نادروستە لە نامە و هەڵوێستی ئەو. بە بڕوای من نە ڕێبوار و نەحیزبی ئێمە و نەهیچ کەس پێویستی بەوە نییە بچێتە ناوەڕۆکی ئیختیلافاتەکانی 2 ساڵ لەمەوبەرەوە لە ناو حیزبی ئێران و لە "ڕاست" و چەپیان وورد بێتەوە. ئەو مۆتەکەیەی وا بەسەر سەری هەموومانەوە دەخولێتەوە "نەزەراتە ڕاستەکانی کورش" نییە بەڵکو دوو شەقە بوون و پاشەکشەی جووڵانەوەکەمانە. دیتنەوەی هۆکارەکانی ئەم وەزعیەتە هەنگاوی یەکەمە بۆ هەر چارەسەرێك و پێشنیار کردنی هەر ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لە بوحرانی ئێستا.
ڕێبوار ئەگەر پەیامی خۆی ڕوو بە هاوڕێ حەمید بەیان دەکات، دەبێ هۆی ئەمە زۆر ڕۆشن بێت. لەم بابەتەوە من لە تۆ پرسیار دەکەم، ئایا بە ڕاستی پێت وایە بۆ وەزعیەتێك کە حیزبی ئێرانی پێگەیشتووە و بۆ بوحرانێك کە دامەنگیری حیزبی ئێران و هەموو جووڵانەوەکەمان بووە دەبێ بچین یەخەی کورشی مودەرسی و 20 نەفەرەکەی تری کۆمیتە مەرکەزی بگرین، کە بە قسەی باڵی ئێوە ئەقەلیەتێکی نامونسەجیمن لە حیزبدا و مەعلومە کە سوکانی حیزبیان لە دەستدا نەبووە؟! ئایا بۆ پێکهاتنی هەل و مەرجێك کە بە قسەی خۆت وای کردووە نەزانی کێ پشتیوانی لە نەزەرەکانی کورش دەکات و کێ لە گەڵی موخالیفە دەبێ بڕۆین و کۆرش سەرزەنشت کەین کە بۆچی کارێکت نەکرد بزانین کی لە جەبهە"ڕاستە"کەت وەستاوە؟! ئایا نەدەکرا ڕەوتی دەرکەوتنی ئیختیلافەکانی ناو حیزب بە جۆرێك بووایە کە ئەمەی (ئەگەر یەك تۆز واقعییەتی هەبێت) نەك بۆ تۆ بەڵکو بۆ خەڵکی ئێران و بۆ هەموو ئەوانەی کە چاوی ئومێدیان بڕیوەتە کۆمۆنیزمی کارگەری ڕۆشن بکردایەتەوە؟ کێ بوو کە بڕیاریدا ئەم ئیختیلافاتانە بەم

شێوازەی ئێستا دەرەوەی ڕابەری لێئاگادار بکرێت؟ کەسانێك کە بە ئیدیعای ئێوە قازانجیان لە ئاشکرابوونی ئەو ئیختیلافاتانە نەبووە ونی‌یە؟! ئایا سەختە ئەوە ببینین کە کەم درایەتی سیاسی لە لایەن باڵی ئێوەوە و نەشارەزایی لە بردنە پێشی ئیختیلاف و شێوازێکی نەگونجاو کە ئێوە بۆ باس و جەدەلی سیاسی پێشنیارتان کرد و کارتان پێکرد ئەم بەلایەی بەسەر حیزب هێنا؟

بە پێی کام مەنتیق دەبێت پەنجەی ئیتیهام بۆ کۆمەڵێك خەڵك ڕاکێشین و بە انحلال تەڵەبیان لەقەڵەم بدەین لە کاتێکدا لەسەرەتای ئەم کێشانەوە تاکو ئێستاش ئەو کۆمەڵە خەڵکە قسەی ئەوەڵ و ئەخیریان پێکهێنانی حیزبی وەحدەی ئیرادەیە و ئێوە ڕەتتان کردۆتەوە و ئێستاش ڕەتی دەکەنەوە. کەچی پلاتفۆرمی باڵی ئێوە لەیەکەمین ڕۆژەوە تەرد بووە، بانگەوازی تەردی نەزەراتتان کرد و خاوەنی نەزەراتیشتان ناساندبوو و نەزەراتیشتان بە سێ چوار کەلیمە تەعریف دەکرد و دەتانوت و دەتانووتەوە و ئێستاش هەر دەیڵێنەوە. هیچ ڕێگای گەڕانەوەیەکیشتان لەبەردەم "خاوەنی نەزەراتتدا" نەهێشتەوە. بە ئاشکرا باستان لە حیزبی یەك بونی دەکرد و ڕاتان دەگەیاند کە کورش سۆشیال دیموکراتە، ڕاستە، نوێنەری جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی ترە و دەبێ لە هیچ ئۆرگانێکی ڕەهبەری نەمێنێ. ڕاستی تاقە گلەیی‌یەك کە ئێوە دەتوانن لە 21 نەفەری کۆمیتەی مەرکەزی بکەن ئەوەیە کە بەو جۆرەی ئێوە دەتانەوێت نەچوونەتە دەرەوە، دەنا پلاتفۆرمی ئێوە لە ئەوەڵین ڕۆژەوە دەرکردنی ئەوان بووە. هیچ کەسێکی تۆزێك بە ئینساف ناتوانێت بۆ قەزاوەتکردن لەسەر کێشەیەکی دیاری کراو لە ناوەڕاستی ماجەراوە دەست پێ بکات. ئەوەی کە ئێمەی بەم ڕۆژە گەیاند بەیانی‌یە یان پلاتفۆرمی 21 نەفەر نەبووە و نی‌یە، "یان پلاتفۆرمم قبوڵ کەن یان دەچمە دەرەوە" ئەگەر واش بێت وەڵامی (یان تۆبە بکەن یان بۆ دەرەوە)، (برای ترد کفار پیش بسوی کۆنگرە)ی جەناحەکەی ئێوەیە. هاورێ مستەفا من لە تۆ دەپرسم کە گلەیی ئیوە لەو 21 کەسە بەلگەی چیە؟ با هاوکیشەکە بە سادەیی خۆی ببینین، ئیوە دەلین ئیمە حیزبیکیمان قبول نیە کە نەزەری جیاوازی تیا بیت، لەو لاشەوە کەسانیك هەن نەزەری جیاواز لە ئیوەیان هەیە، بە پێی حوکمەکە ئیوە تەنها دوو ریگایان لە پیشە یان دەبێ لە نەزرەی خۆیان پەشیمان بنەوە یان دەبێ لە حیزب برۆنە دەرەوە، ئەوان لە نەزەری خۆیان پەشیمان نین، کەوایە دەبێ برۆنە دەرەوە. ئێوە ئەم وەزعەتان بەسەر حیزب و هاوڕێیانی 21 نەفەردا تەحمیل کردووە، هەردوو دەستی تەرەفتان لە پشتەوە بەستووە و بەسەردا فڕێی دەدەنە ئاوەوە وڕەخنەی لێدەگرن کە بۆچی تەڕ بوویت؟! شۆفێری ماشینێکن و ڕانەندگی نازانن و دەمانخەنە شیوێکەوە و ئاوڕ دەدەنەوە سەرزەنشتی سەرنشینە بریندارەکان دەکەن کە بۆچی هاتینە ئێرە؟! لە کۆمۆنیزم و شۆڕشگێڕێتی گەڕێ، کوێی ئەمە مەنتیقی و مونسیفانەیە؟

هاوڕی مستەفای خۆشەویست، بەیانی‌یەی 21 نەفەر و انتخابی سیاسی‌یان نەتیجەیە، سەبەب نی‌یە، ئەگەر بە ڕاستی لەوە نیگەرانی کە ئەم هەلومەرجە مەرزە سیاسی‌یەکانی شێواندووە و ناڕۆشنی دروست کردووە، یەخەی شێوازێك بگرە کە ئیوە وەك جەناحێك بردتانە پێشەوە، استینتاجاتی سیاسی سەبارەت بە ئیختیلافاتی ناو حیزبێکی کۆمۆنیستی بڕیاری حکومەتە مستبدەکان نی‌یە دەری‌کەیت و جێبەجێی کەیت پاشان بە خەڵك بڵێیت پێشینەکەی و زەروورەتەکەی چی‌یە، هەر پلمیکێکی سیاسی بە حوکمێکی لەوەو پێش دەست پێدەکات پلمیك نی‌یە، جەنگی تەبلیغاتی‌یە، فەتوای تەکفیرە، نە جێگایەك بۆ عەقل ومەنتیق و لێکدانەوەی مەوزوعی دەهێلێتەوە نە هیچ بار وئەنجامێکی دروست و سالمی لێ دێتە دەر. ئەگەر بە ڕاستی دەتانەوێت مەرزێك بۆ ئەم خزان و گلۆربوونەوەیە دابنێن، بە ڕابردوو و هۆکارەکانی ئەم ئەوزاعەدا بچنەوە و لێڵی ئەم ئاوە لە سەرچاوەوە چارەسەر کەن.

من دیارە زۆر بەد بینم لەوەی کە ئێوە بتوانن کارێکی لەم بابەتە بکەن. چونکە ئەگەر مەنفەعەتی جەناحیتان ڕێگای بدایە نەك ئێستا بەڵکو کاتی پێشنیارە هاوبەشەکەتان کە لەگەڵ ڕەحمان کە ڕوناکی‌یەکی لەوسەری ئەم تونێلە نیشانی هەمووومان دا لەسەر پێشنیارەکەی خۆتان پێتان دادەگرت، نەك لە پاش ئەوەی کورش قبووڵی کرد و حەمید تەقوایی ڕەتی کردەوە، ڕەخنە لە کۆرش بگریت کە بۆ بەردەوام نەبوو لەسەر قبووڵ کردنەکەی و کاردانەوەی تری نیشان دا، من بە ڕاستی لە نامونصیف بوونی تۆ زۆر سەرسام بووم، پێشنیاریکت پێشکەش کرد، تەرەفێك قبووڵی کرد، تەرەفەکەی تر ڕەتی کردەوە، بەڵام لە جێگای ئەوەی یەخەی ئەو تەرەفە بگریت کە ڕەتی کردووەتەوە، هاتویت سەرزەنشتی تەرەفەکەی تر دەکەیت کە بۆچی بە پێشنیارەکەی تۆوە نەچەسپی تەنانەت پاش ئەوەی خۆشت دەستت لێکێشایەوە!!. ئێستاش ئەوە ئاشکرایە کە تۆ هێندە دەستت لە پێشنیاری خۆت و ڕێگایەك کە نیشانت دابوو کێشاوەتەوە کە دەتەوی بە ئاراستەکەی تردا هەق بکەیتەوە.

هاوڕی موستەفا ، ڕێبوار ئەحمەد هەڵوێستی لەسەر هیچ بەشێکی ئیختیلاف نەزەرەکانتان نەگرتووە، ئەو لە ڕووی ئیحساس بە مەسئولیەتەوە داوای کرد کە وەحدەتی حیزب بپارێزری و شیوازی گونجاو بۆ ڕاگرتنی حیزب و بردنە پێشەوەی ئیختیلافەکان و گەیاندنی بە کۆتایی‌یەك کە لە خزمەت هەردوو حیزب وجووڵانەوەکانماندا بێت بدۆزرێتەوە. بەڵام وەك چۆن ئەو لە نامەکەیدا

ئاماژەی پێکردووە کەسێك کە دەیتوانی و ئەرکی بوو کۆتایی بەم وەزعە بهێنێت هەر لیدەری حیزب هاوڕی حەمید تەقوایی بوو.
بە بڕوای من هەر ئەمەش دەبێ مەبنای هەڵوێست گرتنی لەمەودوای حیزبی ئێمە بێت سەبارەت باروئەنجامەکانی ئەم وەزعە .
لیکدانەوەی من ئەوەیە کە تۆ لە پیشنیارە هاوبەشەکەت لەگەل رەحمان توش بوویت، ریبواریش کە تەئکیدی لەسەر ئەو پیشنیارە کردوەتەوە، تۆ بە ناچاری بۆ تەعویزی ئەو لە بەرچاونەگرتنەی مصلحەتی جەناحەکەت قەلەمت هەلگرتوە بۆ وەلامدانەوەی ریبوار.
هاوکات ئالای بەرەو کۆنگرەت هەلگرتوە، تۆ پیشنیارات‌و قسەی مونسیفانەت هەبوو، بەلام ئیستا بوی بە توندرەوی ناو جەناحەکەت، خۆت وای دەهۆنیتەوە کە گوایە هەلویستی ئەو 21 کەسە تورەو بێ ئومیدی کردوی، بەلام ئەمە واقعی نیە، پیش ئەو هەلویستەی ئەوان تو کەوتیتە ئەم هەلویستەوە، دەلیلەکەی ئەوەیە جەناحەکەت لە هەلویست‌و بوچونە مونسیفانەکانت نارازی بوون، تۆش هیچ کە دەستت لی هەلگرتن تازە دەتەوێ حەقی بکەیتەوە، بەداخەوەم بۆت. ئەمە یەکەم جارە ببیینم کەسیك پیشنیاریك بکات، پاشان لە هەموو ئەوکەسانە تورە بیت کە پیشوازی لە پیشنیارەکەی دەکەن، تکایە خۆت ئەم هاوکیشەیەمان بۆ حەل بکە.
لە کۆتایی قسەکانتدا لە وەلامی ریبواردا کە من نازانم لە کوێ ووتویەتیتی ئەگەر جیابونەوە ببیت حککا هیچی لی نامینیتەوە، تۆ جۆرە تصویریك دەدەی کە دەکرێ ئەو ئەنجامەی لی بگیرێ کە رۆیشتنی ئەو جەماعەتە، حیزب مەحکەمترو بەهیزتر دمینیتەوە، راستی ئەمە بنامەی لیکدانەوەی ئیوەیە، ئەگەر وایە ئینشعاب خراپی چیە، باشترە بلیین بژی ئینشعاب لە پیناو بەهیزکردنی حیزب!!!!!!

2004-08-15